# ( زیکری: ( سُبُّوحٌ قُدُّوسٌ، ربُّ الملائكةِ والرُّوح

له عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی ڕکوع وسوجدە بردنیدا دەیفەرموو: «(سُبُّوحٌ قُدُّوسٌ، ربُّ الملائكةِ والرُّوح)*» *(واتە: سُبُّوحٌ: لە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە بە مانای ئەوە دێت: ئەو زاتەیە کە دوورە لە هەموو کەموکورتی وعەیبێک وهەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان وزەویدان بە تەسبیح کردن یادی دەکەن، قُدُّوسٌ: لە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە، بە مانای ئەوە دێت: ئەو زاتەیە کە پیرۆز وموبارەکە وپاکە وبەریئە -دوورە- لە هەموو شتێک کە شایەنی ئەو زاتە بەرز وبڵندە نەبێت، -ربُّ الملائكةِ والرُّوح-: واتە پەروەردگاری فریشتەکان و-الرُّوح- مەبەست جبریلە -علیه السلام-)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی ڕکوع وسوجدە بردنیدا دەیفەرموو: (سُبُّوحٌ قُدُّوسٌ، ربُّ الملائكةِ والرُّوح)، واتا: تۆی ئەی پەروەردگار پاک وپیرۆزیت، ئەمیش ئەوپەڕی ستایشکردنە بەوەی خوای گەورە دوورە لە هەموو کەموکورتی وعەیبێک، (ربُّ الملائكةِ:واتە پەروەردگاری فریشتەکان): ئەمانیش سەربازی خودان وئێمە نایان بینین لە دونیادا. (الرُّوح: مەبەست جبریلە -علیه السلام-): باشترینی فریشتەکانە، بۆیە پێویستە مرۆڤ لە کاتی ڕکوع وسوجدە بردنیدا زۆر ئەم زیکرە بخوێنێت: (سُبُّوحٌ قُدُّوسٌ، ربُّ الملائكةِ والرُّوح). سُبُّوحٌ: لە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورەیە، بە مانای ئەوە دێت: ئەو زاتەیە بەرز وشکۆدارە ودوورە لە هەموو کەموکورتی وعەیبێک وهەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان وزەویدان بە تەسبیح کردن یادی دەکەن. قُدُّوسٌ: لە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورەیە، بە مانای ئەوە دێت: ئەو زاتەیە کە پیرۆز وموبارەکە وپاکە وبەریئە -دوورە- لە هەموو شتێک کە شایەنی ئەو زاتە بەرز وبڵندە نەبێت.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee